www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-10-2006 11:28

# بیست و چوار نزای نیگار عەلی ... نزای 6

nigaral_24@freenet. de

خەونە سەوز نەبووەکان
من زۆرت لێپاڕامەوە
خەونەکانم بێنیتە دی
خەون بە وەی ماسی دەریا
ملوانکەی ئاڵتوونی گەلا لە گەردن کا
خەون بەوەی ئەستێرەکان
بەرگی سوور و والاکەی من لەبەر بکا
خەون بەوەی دارمێوەکانی بنار شاخ
چیتر بەرگی تە م و مژ و
بەرگی زبری دوامەرگەسات لەبەر نەکا
منیش بەڵێنم بە تۆدا
خەونەکانت بهێنمە دی
من دڵم وەک ڕوی ئاوی کانییەکانی بنار شاخ ساف بوو
نەم دەزانی
تۆ خەونت بەوە دەدی من بە زەلیلی نێو قوڕاو
قووڕاوی گومانی کۆمەڵەوە ببینیت
تۆ خەونت بەوەوە دەدیت
من نێچیری کەڵبەی حەزە ڕەشەکانت بم
من لەبەر تۆ دا بەچۆک بێم
تا تۆ زیاتر گەورەیی خۆت بسەلمێنیت
تاکو بڵێیت، تۆ پیاویت و
کۆمەڵگات لە بن هەنگڵە
چۆنت بوێ و چۆن پێت خۆش بێت
ئاوا گشت گوڵە ئەستێرە سەما دەکات
چۆنت بوێ و چۆن پێت خۆش بێت
ئاوا سەرجەم هەنگی ژیان
هەنگوینی زەردی ئاڵتوونی بۆ تۆ دەکات
بۆیە منیش تەنها چار بوو
توانیم لەڕووتدا هەڵگەڕێم
توانیم زمان هەڵهێنمەوە و شتێک بڵێم
هەتاوەکو بە خۆم زانی
سەراپای جەستەم پڕ خوێنە
خوێنی مەرگی دار ئەخەوان
خوێنی مەرگی گوڵی هەنار
خوینی مەرگی جەستەی باران

خوێنی مەرگی سمۆرە شەرمنەكەی
سەر دار گوێزەكەی هەورامان
تا ئەوەبوو لەبەردەمتدا بەچۆک هاتم
ئەوسا ئیتر تۆ لە خۆشیدا شاگەشكە بوویت
پشتم تێم كرد، كە زانیت من شەختەبارانی
بێداری ناخم دەخوات
بۆیە منیش ناچاربووم و هاوارم كرد پڕ بە دنیا
ئاخر تەنیا تاوانی من هەر ئەوەبوو خۆشم ویستیت
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیكەری دڵە بە بەرد بووەكەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بكەم

نیگار عەلی... ئەڵمانیا ... 18. 10. 2006